## بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونه کردستان مکری

ئەوە ناوی کتێبێکە کاک حەبیب الله تابانی لە ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٤) دا بڵاوی کردۆتەوە و من چاپی دووهەمیم لە بەردەستدایە کە تەئریخی ١٣ ساڵ دوای ئەوی بەسەرەوەیە و هەندێ زیادکراوەی لە چاپی یەکەم تێدا بەرچاودەکەوێت.
وەک لەناوی کتێبەکە دەردەکەوێت، نووسەر لایەنی سروشتی ناوچەی موکریان واتە رووبار و چیا و گیا و ئاو و هەوای ناوچەی موکریان و بەرهەمەکانی واتە هەروەها دانیشتوانی شار و گوند و زمان و ئایین و داب و نەریتی خەڵکەکە دواوە.
بۆکان لەسەردەمی نووسرانی کتێبەکەدا بەشێک لە شارستانی مەهاباد بوە و هەرواش باسی لێوەکراوە. نووسەر کە خۆی ماوەیەک لە قوتابخانەی ناوەندی بۆکان دەرسی گوتۆتەوە و ناوچەکەی بە باشی ناسیوە، زانیارییەکی کورت بەڵام روونی لەمەڕ شاری بۆکان خستۆتە بەر چاوی خوێنەر و داخ و حەسرەتێکی زۆری بۆ لەناوچوونی قەڵای شارەکە دەربڕیوە و ئەم هەڵوێستە دڵسۆزانەیەی بە نیسبەت هەموو کوردستان لە پاشماوەی لاپەڕەکانیشدا خستۆتە روو.
بۆکان( ٦١و ٦٣)، ایلات و عشایر مکری (٩٥ تا ١٠٠)، منبع بزرگ و انبار غله کردستان بوکان است (ل ١٢٤) و گەلێک زانیاری ئینسانی ناو کتێبەکە، ناوچەی بۆکان دەگرنەوە.

حبیب الله تابانی، بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونه کردستان مکری، چاپ دوم، تیرماه ١٣٥٨(١٩٧٩)، انتشارات سییدیان (مهاباد)، ٢٢٠ صفحه، فارسی .